# دایبابێتی لە سەردەمی کۆرۆنادا

# بودجەدانان بۆ خێزان لە کاتی گوشاری ئابووریدا

ملیۆنان کەس ئێستا بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، لە خەمی پارەپەیداکردندان. ئەم بابەتە دەتوانێت تووڕە و بێزارمان بکات و مێشکمان پێوەی مەشغووڵ بێت. دەکرێت منداڵان و هەرزەکاران هەندێک داواکارییان هەبێت کە مشتومڕ و دەمەقاڵێ ساز بکات. بابەتەکە بۆ منداڵ و هەرزەرکاران زۆر دەگۆڕێت کاتێک کە لە بودجەدانانی خێزاندا بەشدارییان پێدەکەین.


## ڕەنگە هاوکاری بەردەست بێت و بتوانیت لێی سوودمەند بیت


هەندێک لە حکوومەتەکان لە کاتی کۆڤید-۱۹ دا، ڕەنگە پارە یان سەبەتەی خۆراک بە خێزانەکان بدەن

بپرسە بزانە لە هیچ شوێنێک لە کۆمەڵگاکەتدا هاوکاری پێشکەش دەکەن

## لە بەرنامەدانان بۆ بودجەی خێزاندا، بەشداری بە منداڵان و هەرزەکاران بکە

- بودجە، بریتییە لەوەی کە ئێمە بریار دەدەین پارەکەمان چۆن سەرف بکەین، تەنانەت لە کاتی تەنگژە و گوشاردا
- بودجەدانان پێکەوە، وا لە منداڵان دەکات تێبگەن کە ئێمە هەموومان پێویستە لە کاتی سەختدا بریاری قورس بدەین
- هەروەها وا دەکات کە خێزان لە کۆتایی مانگدا بەشی پێویستی لا بمێنێت و کەمتر قەرز بکات





## ئێنجا پارە چۆن سەرف بکەین؟

- پارچەیەک کاغەز (یان ڕۆژنامەی کۆن یان مقەبا) و قەڵەمێک بهێنە
- وێنەی هەموو ئەو شتانە بکێشە کە خۆت و خێزانەکەت پارەیان تێدا سەرف دەکەن
- بەرامبەر هەر وێنەیەک، بنووسە هەر کامیان چەندی تێدەچێت
- ئەوشی بخە سەر کە هەر مانگێک چەندت هەیە بۆ سەرفکردن

## باسی پێداویستی و حەزەکان بکە

- پێداویستی: کام شتانە گرنگن، یان دەبێت بۆ بەردەوامی ژیانی خێزانەکەتان هەتانبێت؟ (وەک خۆراک، سابوون بۆ دەستشوشتن، پێداویستیی ئەندامانی نەخۆش یان کەمئەندامی خێزانەکە)
- حەز: کام شتانە خۆشە هەتانبێت، بەڵام بنچینەیی نین؟
- لەگەڵ منداڵەکەتدا باسی ئەو شتانە بکەن کە وەک خێزانێک دەتوانن هەوڵبدەن پارەی کەمتریان تێدا سەرف بکەن

## بودجەی تایبەت بە خۆت دابڕێژە

- کیسەیەک بێنە و پڕی بکە لە بەرد یان هەر شتێک کە پارچۆکەی زۆر بێت. ئەمە بودجەی ئەم مانگەی تۆیە
- وەک خێزان، بریار بدەن پارە لە چیدا سەرف دەکەن، ئەمجا بەردەکان لەسەر وێنەکەت دابنێن.
- زۆر باش دەبێت ئەگەر بتوانیت بەشێک پارە تەنانەت ئەگەر زۆر کەمیش بێت، بۆ داهاتوو یان بۆ دۆخێکی لە ناکاوی دیکە پاشەکەوت بکەیت

**دەستخۆش! ملیۆنان خێزان پێیان وایە ئەم ڕێگایە کاریگەرە.**

بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ئەم لینکانەی خوارەوە بکە:

پاڵپشتی بەڵگەیی | زمانی دیکە | ڕێنمایی یونیسێف | پۆرتاڵی WHO

World Health Organization · unicef for every child · WWO World Without Orphans · End Violence Against Children · Parenting for Lifelong Health · Maestral · Clowns Without Borders · CDC Centers for Disease Control and Prevention · Childhood World Childhood Foundation · Accelerate Adolescent Success Africa · Internet of Good Things · University of Oxford · USAID From the American People · UNODC United Nations Office on Drugs and Crime

The mark "CDC" is owned by the US Dept of Health and Human Services and is used with permission. Use of this logo is not an endorsement by HHS or CDC of any particular product, service, or enterprise.

*The COVID-19 Playful Parenting Emergency Response is supported by the LEGO Foundation, the philanthropic donors to the University of Oxford's COVID-19 Research Response Fund, and the UKRI GCRF Accelerating Achievement for Africa's Adolescents (Accelerate) Hub. Research on Parenting for Lifelong Health is supported by the UKRI GCRF Accelerate Hub, the Oak Foundation, the European Research Council (ERC) under the European Union's Seventh Framework Programme and the Horizon 2020 Research and Innovation Programme, the Global Alliance for Chronic Diseases under the European Union's Horizon 2020 Research and Innovation Programme, UNICEF, WHO, Oxford University Innovation GCRF Sustainable Impact Fund, the Leverhulme Trust, the Economic and Social Research Council, CIDA, the National Research Foundation of South Africa, Ilifa Labantwana, the John Fell Fund, the Evaluation Fund, the UBS Optimus Foundation, USAID-PEPFAR, the Wellcome Trust, Grand Challenges Canada and Wellspring Advisors.*

CC BY NC SA